# دەق ئاوێزان لە گێڕانەوەی (ڕۆمانی هاوارە بەرە و میرزا)ی فەتاحی ئەمرییدا – کاریگەری لە پەروەردەکردنی هزری کاراکتەرەکاندا

د. سەرکەوت عمر ابراهیم
زانکۆی ڕاپەڕین
کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ
بەشی زمانی کوردی

**پوختەی توێژینەوە:**

لەنێو ڕۆماننووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەتاح ئەمیری وەك ڕێچکە شکێن و پێشەنگترین ڕۆماننووسی کورد لە دوای ڕۆمانی "پێشمەرگە"ی ڕەحیمی قازی بە نووسینی هەردوو ڕۆمانی "هاوارەبەرە" و "میرزا" تەلەسمی نەبوونی ڕۆمانی کوردی شکاندو، بوو بەسەر قافڵەی ڕۆماننووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. نەخشی قەڵەمی ئەو بووە هۆی پەرەپێدان بە نووسینی ڕۆمان و خولیای نووسینی ڕۆمان بووە هۆی لە دایك بوونی چەندان ڕۆمانی دیکە. لەم دوو ڕۆمانەدا سەرەڕای ئاماژەدان بەچەندان لایەن و بابەتی سیاسی و دڵداری و ژیانی شوانکارەیی لە بۆتەیدا ڕۆماننووس هەرلە سەرەتاوە تا کۆتایی لە خەمی پاراستنی فەرهەنگ و زیندووکردنەوەی زمان و بیرهێنانەوەی فۆلکلۆرو ئەدەبی میللی و نەتەوایەتیدایە، لە پێناو ئەو مەبەستەشیدا چەندین ژانری فۆلکلۆری کوردی دەق ئاوێزانی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی کردووەو، گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی کردۆتە کەرەستەیەکی لەبار بۆ نووسینەوە و دووبارە وە بیر هێنانەوەی هەموو ئەو بەرهەمە فۆلکلۆریانە. لەو ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە وەك هەوڵێك بۆ ئەم بایەخ پێدانەی ڕۆماننووس بەو بابەتە فۆلکلۆریانە و بەهەند وەرگرتنی دەق ئاوێزان کردن وەك چەمکێکی نوێی ئەدەبی هەوڵێداوە هەڵوەستە لەسەر ئەو بابەتە بکات و بەپێی توانا ئاماژە بە شێوازو چۆنیەتی میکانیزمەکانی دەق ئاوێزان کردن بدات و ڕاڤەو خوێندنەوە بۆ چەمکی دەق ئاوێزان بکات لە پانتایی و مەودای گێڕانەوەی هەردوو ڕۆمانەکەدا.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پێشـــەکی:

دەق ئـاوێزان وەك چەمکێکی نـوێی ئـەدەبی لـە نێـو ئـەدەب و ڕەخنـەی نوێـدا جێگـەی بایـەخی نووسـەران ڕەخنەگرانە و لە ڕەوتی ئەدەبی نوێشدا پانتاییەکی فراوانی لە نێو تێکستە ئەدەبیەکاندا بۆ خۆی داگیرکـردووە، ڕەنگە ئەمـە لـە لایەکـەوە بـەهۆی ئـەوەوە بێت هـەموو نووسـەرێك لـە هـەوڵی ئەوەدایـە تـا ئەندازەیـەکی بـاش ئاگاداری ئەدەبی دەرەوەی خۆی بێت و لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگە زۆر جار زەرورەتی ڕەوتی گێڕانەوە، نووسەر ناچار بکات بـە ئاوێتـەکردنی بابـەت و ژانـری دیکـە بـە تێکسـتەکەی خـۆی. بەمەبەسـتی زینـدوکردنـەوەی ئـەو دەقانەو ڕەنگدانەوەی کاریگەریان لە پەروەردەکردن و هزری خوێنەردا.

هەرچەنـدە دنیای شیعر بوارێکی لەبارو گونجاوە بۆ دەق ئاوێزان کردن و لە زۆر تێکسـتی کـۆن و نوێـدا دەبینـین دەق ئاوێزان بووەتە سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندکردنی تێکستەکان، بەڵام چیرۆك و ڕۆمـانیش بـوارێکی فـراوان و تەواو گونجاوە بۆ دەق ئاوێزان کردنی ژانرو ڕەگەزە جیاوازەکانی دیکـەی ئـەدەب، ئەمـەش بـەهۆی ئـەو مـەودا و پانتاییە فراوانەوەیە، کە چیرۆك و ڕۆمان دەیڕەخسێنێت بۆ گێڕانەوە. لە ڕۆمانی نوێشدا ئەو دیاردەیە جێگـەی بایەخی ڕۆماننووسانی کورد بووە و هەندێك لە ڕۆماننووسانی کورد هەوڵیانداوە هەندێ ژانرو ڕەگەزی جیـاواز تێکەڵ بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکانیان بکەن. لەو ڕۆمانانەش ڕۆمانی "هاوارەبەرە" و ڕۆمانی "میرزا"ی ڕۆماننووس فەتاح ئەمیری)ین.

فـەتاح ئـەمیری لـە گێڕانـەوەی هـەردوو ڕۆمانەکەیـدا چـەندین دەقـی فۆلکلـۆری تێهەڵکێشـی نێـو ڕووداوەکـانی ڕۆمانەکەی کردووە و کاریگەری ئەو دەقە ئاوێزان کراوانەش لەپەروەردەکردنی کاراکتەرەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە. لە ڕوانگەی ئەم درکپێکردنەوە ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە.

بەشی یەکەمی وەك بەشێکی تیۆری تەرخان کراوە بۆ باسی  دەق ئاوێزان و چەمك و ناساندن و جۆرەکانی دەق ئاوێزان و گێڕانەوەو پانتایی دەق ئاوێزان کردن.

بەشی دووەمیش لە بواری پراکتیکیـدا لـە بـارەی جۆرەکـانی دەق ئـاوێزان دواوە وەك دەق ئـاوێزانی: حەکایـەت، داستان، بەیت، ، پەندی پێشینان، گۆرانی. لە کۆتاییشدا کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی عـەرەبی و ئینگلیـزی نووسراوە و ئاماژە بەو سەرچاوانە کراوە کە لێی سوود مەند بووین لەم توێژینەوەیەدا.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

## بەشـــــی یەکـــەم:
## لە نێوان گێڕانەوەو دەق ئاوێزاندا

### باسی یەکـەم: دەق ئاوێزان چەمك و ناساندن

دەق ئاوێزان ئەگەر ئاوێزانبوون و تێکئاڵانی دوو دەق یان زیاتر بێت لە بۆتەیەکی ئەدەبیدا، ئـەوا داهێنانـە نوێکەش زادەی ئەو لێکئاڵان و ئاوێتە بوونەیە، کە ئـەو دوو دەقـە لـە خۆیـان دەگـرن و لـە بنەڕەتـدا زیـاتر بـۆ جوانتر کردنی دەقی دووەمە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەقی یەکەمەوە. لە هـەمان کاتـدا دەلالـەتی زینـدوێتی ئـەو دەقە بنەڕەتییە دەگەیەنێت لە توانای پڕ کردنەوەی ئـەو بۆشـاییە تـەواو کـراوەدا، کـە دەقـە بەرهـەم هاتووەکـە پێویستی پێیەتی.

دەق ئاوێزان دەلالەت و واتای تەواوی بوونی پەیوەندی نێوان دوو دەق دەگەیەنێت، کە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە و بوونی ئەو کاریگەرییەش بەشێوەیەکی دوو لایەن دەردەکەوێ، چونکە لە نێوان دوو دەقە ئاوێزان کراوەکەدا جۆرێك لە پێویستی هەیە کە لە لایەن دەقـە بەرهـەم هاتووەکـەوە هانای بۆ دەبرێت و لە لایەن دەقە بنەڕەتییە ئاوێزان کراوەکەشدا جۆرێك لە وەڵامدانەوە هەستی پێدەکرێت بۆ تەواو کردنی واتای دەقە بەرهـەم هاتووەکـە. (هـەموو دەقێـك لـە خاڵێكـدا لـە بەیەکگەیشـتندایە لەگـەڵ چـەند دەقێکی دیکەدا، کە لە هەمان کاتدا دووبارە گێڕانـەوەی خوێندنـەوەی ئـەو دەقـەو گونجانـدن و خەسـتکردنەوەو گواسـتنەوەو قولکردنــەوەی ئــەو دەقەیــە) (محمــد خــیر البقــاعی: ١٩٩٨: ٦٩). ڕێــژەی بەشــداریکردنی دەقــە وەرگیراوەکەش بەپێی پێویستی و بە ئەندازەی جیاواز خۆی دەنوێنێت. ئەمـەش پەیوەنـدی بـە شـێواز و جـۆرە جیاوازەکانی دەق ئاوێزانەوە هەیە. ئەم پەیوەندییەش لە ئەنجامی جۆرێك لە پێویستی تەواوکارییەوە سەرچاوە دەگرێت. تەنانـەت ئـەو دیـالۆگ و گفتوگۆیـەی، کـە دروسـتیش دەبێـت هـەر لـەو ڕوانگەیـەوە دروست دەبێـت ((پێویستە وێنەکان لە ئەزمونەکەدا بەگشتی یەکگرتوو و بەیەکداچووبن، لەگەڵ هەسـت و بـیری ئەزموونەکـەدا یەك بگرنەوەو جیهانبینی دەقەکە ئاشکرابێ)) (عەبدولقادر محەمەد ئەمین: ٢٠٠٢: ١٦).

لە دەقئاوێزانکردندا ماهییەتی چەندین دەقی دیکە خۆی وێنا دەکاتەوە، چونکە لە بنەڕەتـدا زۆر جـار نووسـەر بەبێ ویستی خۆی دەکەوێتە ژێر کاریگەری داڕشتنەوەی چـەندین وێنـەو بیرۆکـە و ئاوێزانکردنـەوەی بـە دەقـە داهێنراوەکەی خۆی (( بەو مانایەی دەق لەسـەر خـۆی دانـەخراوە، بـەڵکو فەزایـەکی کراوەیـە لەسـەر دەقـەکانی پێش خۆی)) (عەبدولغەنی کاکۆ: ٢٠١٦: ٧٢) دیارە ئەمەش تـا ئەندازەیـەك گومـانی پـاکیزەیی و خـاوێنی ڕەهـای دەق یەکلایی دەکاتەوە ((ئەمە یەکێکە لەو گرفتـە گەورانـەی ڕۆلان بـارت پێـی ئـەڵێت: دەقـی پـاکیزە)) (سـەلاح حەسەن پاڵەوان: ٢٠٠٣: ٦٣) چونکە بە بۆچونی ڕۆلان بارت هەموو دەقێك لە بنەڕەتدا جوینەوەی چەندین دەق و بیرۆکەی پێشووترە، کـە لـە نەسـت و باگراونـدی نووسـەردا جێگـەی گرتـووەو دواجاریش بەشـدار دەبـن لـە پێکهاتەیەکی هونەری نوێداو خۆیـان لـە فۆرمێکی دیکـەدا دەنەخشێننەوە، ئـەم بیرۆکەیـە لـە بـاس و سـەرنجە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕەخنەییەکانی ژولیا کریستیڤاوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوەی (( جوّلیا کریستیڤا وای دەبینی هەموو دەقێك بریتییە لە تابلۆیەکی زەخرەفەیی-فسیفسائی- پڕ لە وەرگرتن و، هەموو دەقێك گواستنەوەی دەقەکانی دی تێدایە) (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: ٢٠٠٦: ٦٣).

زۆرن ئەو پێناسانەی بۆ دەق ئاوێزان کراون و جیاوازی ئەو پێناسانەش مانای زندوێتی ئەو چەمکە ئەدەبییە دەگەیەنێ و پێناسەکانیش لە گۆشە نیگاو تێڕوانینی جیاوازی ئەو بیرمەندو ڕەخنەگرانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەبارەی ئەو چەمکەوە دواون و لە پێش هەمووانیشەوە لە دیدو ڕوانگەی ژولیا کریستیڤاوە (( نێوان دەقی هەر ئەو بابەتەیە کە ژولیا کریستۆڤا بە پێوەندی نێوان دەقی ناودێری کردووە، واتە بەکارهێنانی ئاگایانەی دەقێك لە دەقێکی تردا. چ تەواو چ ناتەواو. هەرکات لە بواری متنناسی و شێواز ناسییەوە دەقێك بە شوێن دەقێکی تردا هاتبێ، ئەوە لەگەڵ پێوەندی نێوان دەقی بەرەو ڕووین)) (ئەحمەد چاك: ٢٠٠٩: ١٣١).

(شنۆ محەمەد مەحمود) لە ناساندنی دەق ئاوێزاندا دەڵێت: ((دەق ئاوێزان کۆکردنەوەی چەند دەقێکی جیاوازی بەرهەمهاتووە لە دەقێکی نوێدا دەکەونە گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا و بەمەش دەقە نوێیەکە دەرگای والآ دەبێت لە وەرگرتن و مژین و فراوانبووندا، هەندێك جار دەقەکان دژبەیەکیشن، بەلاّم شاعیر بۆ پێکهێنانی واتا و دەلالەتی نوێ لە دەقی دەقئاوێزاندا کۆیکردونەتەوە)) (شنۆ محەمەد مەحمود: ٢٠١٢: ٢٥).

لە دەق ئاوێزاندا سروشتی ئاڵوگۆڕکردن و وەرگرتن دێتەئاراوە بەواتای وەرگرتن لە دەقە وەرگیراوەکان و پێدانیش بە واتای ژیاندنەوەو گونجاندنی ئەو دەقە وەرگیراوەو هاوشانکردنەوەی واتایی بە دەقە داهێنراوەکە هەر ئەوەشە وا دەکات کە بگوترێ (( دەق ئاوێزان بەمانای دیاری کراو ئاڵوگۆڕی نێوان دەقەکانی نووسەرانی جیاوازە)) (کەمال مەعروف: ٢٠٠٣: ٥٧). ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە دەقی داهێنراو هەرچەندە بە پرۆسەی دەق ئاوێزان کردنیشدا بڕوات، بەلاّم خاوەن ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیەتی و تایبەتمەندی خۆی دەپارێزی، هەرچەند بە مەودای تایبەتیش ئیحا بۆ ئەو دەقە بەرجەستە دەکات، کە ئاوێزانی کراوە، لێرەوەش جارێکی دیکە ئەو دەقە ئاوێزان کراوە لە شوناسی خۆی بەشدار دەکات ((بە مەرجێك ئەو بابەت و بەرهەمەی کە لە ڕەگەزو بابەتێکی پێشتری خۆی وەرگیراوە چ زانستی بێت یاخود ئەدەبی و هونەری لە چۆنیەتی بنیادنانی بەرهەمەکەو شێوازی داڕشتنەکەی دیمەنێکی نایاب و کەم وێنەی پێببەخشێت و بیخاتە چوارچێوەی داهێنانەوە، چونکە ئەو کاتە وێنەی بابەتێکی داهێنراو لە خۆ دەگرێت)) (ڕۆشنا ئەحمەد ڕسول: ٢٠٠١: ٩). ڕەنگە ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر دەق و دەسەڵاتی دەقدا هەبێت و دواجاریش ئەو کاریگەرییە بپەڕێتەوە سەر خوێنەرو خوێنەر بە شێوەیەك لە شێوەکان درکی پێ بکات ((دەسەڵاتی دەق و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر دەق و لەسەر ئێمە ئەو هەوڵەیە کە ئەدرێ بۆ ڕوون کردنەوەی مەسەلەکانی پرنسیپی دەسەڵات و دەق)) (سەلاح حەسەن پاڵەوان: ٢٠٠٢: ٨٦). ئەم دەسەڵاتی خۆ نواندنەوەی دەقە کۆنەکان لە هەر بەش و ژانرێکی ئەدەبییەوە سەرچاوەی گرتبێ لە لای باختن جێگەی سەرنج بووە هەر وەك ئەوەی لە بارەی ژانری ڕۆمانەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕۆمان کەڵەکەبوونی چەندین توێژە لە گوتاری جیا جیا؛ بە باوەڕی باختین (( ڕۆمان لە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چەندین توێژی گوتار پێکهاتووە کە بە شێوازی جۆراو جۆر لە پەنا یەکتر ریز دەبن، هەندێکیان بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و رێك و پێك و هەندێکیشیان بە شێوەیەکی دژوارو بەرامبەر بەیەك)) (ڕاجێر ویبستێر: ٢٠٠٦: ٧٧). ڕەنگە ئەمەش بۆ سروشتی ڕۆمان و مەوداو پانتایی خودی ڕۆمان بگەڕێتەوە بۆ دەق ئاوێزانکردن.

**باسی دووەم: جۆر و میکانیزمەکانی دەق ئاوێزان**

سروشتی دەق ئاوێزان لە ئەنجامی چۆنیەتی دروستبوونیدا، هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ ئەو دابەش کردنانەی، کە جۆرەکانی دەق ئاوێزانی لێ هاتۆتە بەرهەم، چونکە فاکتەرەکانی وەك هۆکاری دەرەکی یان هۆکاری قۆناغ، یان هۆکاری خودی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دروستبوونی دەق ئاوێزاندا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە وەرگرتنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبنە هۆکار بۆ جۆرێکی دیکەی دەق ئاوێزان کردن. جۆرەکانی دەق ئاوێزان بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەم جۆرەدا دەبینێتەوە:

١-دەقئاوێزانی دەرەکی (التناص الخارجي)

٢-دەقئاوێزانی قۆناغی (التناص المرحلي)

٣-دەقئاوێزانی خودی (تایبەت) (التناص الذاتي) (شنۆ محەمەد مەحمود: ٢٠١٢: ٩٥). ئەمە جگە لەوەی لە چۆنیەتی وەرگرتندا جۆرە دەبەشکردنێکی دیکە بۆ دەقئاوێزانکردن دەبینرێت هەروەك ئەوەی (لیۆن سۆمفل) ئاماژەی پێکردووە (( هەروەها دابەشکردنێکی دیکەش هەیە بۆ جۆرەکانی دەقئاوێزان وەك، (لیۆن سۆمفل) جۆرەکانی دەقئاوێزانی بۆ دوو شێوە پۆلێن کردووە:

١-دەقئاوێزانی ڕاستەوخۆ (التناص المباشر) او (التناص التجلي) واتە دەقئاوێزانکردنێکی دەرکەوتوو-ئاشکراو دیار.

٢-دەقئاوێزانی ناڕاستەوخۆ (التناص غير مباشر) یان نادیارو شاراوە) (شنۆ محەمەد محمود: ٢٠١٢: ١٠٢). بەلاّم میکانیزمی چۆنیەتی دەقئاوێزانکردن جۆرە دەبەشکردنێکی دیکە لەخۆی دەگرێت ئەویش بریتییە لە:

ا- التمطيط (کشاندن، پەرەپێدان، فراوانکردن)

ب- الايجاز (کورتکردنەوە)

(کە جۆری یەکەمیان خۆی لە هەریەکێك لە میکانیزمەکانی (دووبارەکردنەوە-التکرار، تۆبۆگرافی- التصحيفيه، ڕاڤەکردن- الشرح، هاوسێیەتیکردن-المجاور، البارا‌كرام)دا دەبنینێتەوە و جۆری دووەمیان کە میکانیزمی کورتکردنەوە (الايجاز) خۆی لە هەریەکێك لە جۆرەکانی میکانیزمی (ئاماژەدان- التلميح، لابردن- الحزف، کورتکردنەوە- التلخيص، وەرگرتن- الاقتباس، تێهەڵکێش- التضمين، وەرگێڕان- الترجمه، دا دەبینێتەوە) (شنۆ محەمەد محمود: ٢٠١٢: ١١١).ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، کە ئاوێزانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەقئاوێزانی دەرەکی و قۆناغی و خودی دەشێ ئاوێتەی هەریەکێك لەو میکانیزمانەی جێبەجێکردنی دەقئاوێزانکردن بن بۆ نموونە: دەشێ دەقئاوێزانی دەرەکی لە ڕێگەی میکانیزمی کورتکردنەوە یان تێهەڵکێشکردنەوە ئەنجام بدرێت ئەم حاڵەتەش بۆ جۆرەکانی دیکەش هەروایە.

تێبینی: ئێمە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا لەبەر سنووربەندی سنووری توێژینەوەکە ڕاڤەی جۆرەکان و میکانیزمەکانی دەقئاوێزانکردن ناکەین، بەڵکو لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا و لە پراکتیککردنی جۆرو



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

میکانیزمەکانی دەقئاویزانکردندا لەسەر نموونەی وەرگیراوی نێو ڕۆمانەکەدا ڕاڤەی هەر جۆرو میکانیزمێکی دەقئاوێزانکردنەکان دەکەین بە پێی بوون و هەستپێکردنی جۆرو میکانیزمەکە.

**باسی سێیەم: هۆکاری پەنا بردنە بەر دەق ئاوێزان.**

ڕەنگە کاریگەری ئەدەبی هۆیەك لەو هۆکارە هەرە دیارانە بێت، کە زۆر جار دەبێتە ئاوێتە بوون و دەقئاوێزان کردن ((بەو پێودانگەی کە سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی زنجیرەیەکی لێکدانەبڕاوی نەپساون و پێکەوە شەتەك دراون، بۆیە بەرهەمە دانسقەو شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی دەبنە تیشکێکی بەرچاو و ڕوون و بەردەوام سنوری نەتەوە دەبڕن و، دەبنە مایەی زاخاودانەوەی هەست و دەرونی کەسانی ئەودیو سنورو بەچەشنی هەوێنێکی بێگەرد ئاوێتەی بەرهەمەکان دەکرێن)) (عومەر مەعروف بەرزنجی: ٢٠٠٦: ٢١). دیارە ئەمەش بە هۆی کاریگەری و کارتێکردنەوە ڕوودەدات، چونکە (کاریگەری و کار تێکردن ڕێگەی بۆ گواستنەوەو لە لایەکی دیکەشەوە چارەسەرێکە بۆ ئەو بابەتە) ( عبده الراجحی: ٢٠٠٧: ٢١). دیارە ئەمەش بە هۆی ئەدەبی بەراوردکارییەوە دێتە ئاراوە ((ئەدەبی بەراوردکاری وێنەی پەیوەندی نێوان ئەدەبە جیاوازەکان دەکێشێ)) (حسام الخطیب: ٢٠٠٣: ٣٢).

لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگە بارودۆخی خولْقاندنی دەق هەندیك جار لە دەنگی چەند نووسەرێکدا ڕەنگدانەوەی هەبێت و ئەمەش کارێکی ئاسایی یە بەو مەرجەی نەك ئەزموونی پێشوو تارمایی خۆی بەسەر تێکستی داهێنراودا بکێشێت. زۆر جار ئەو کاریگەرێتییە لە نەوەی قۆناغێکی دیاریکراودا هەستی پێدەکرێت، کە ئەمەش زۆرجار بەهۆی پێشهات و لێکەوتەکانی بابەت و بیرۆکەو ڕێبازی ئەدەبی ئەو قۆناغە و ئایدۆلۆژیاوە ڕوودەدات. نائاگایی نووسەران زۆرجار دەبن بە ڕوگەی ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرێتییەو بەرئەنجامی دەقئاوێزانکردن بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن و مەبەست و ئامانجیان بێت.

دەق ئاوێزان وەك هەر چەمێکی دیکەی ئەدەبی پرۆسەیەکە لە ئەنجامی زەرورەتی شیعرییەوە سەرچاوە دەگرێت و چەندین هۆکاری تایبەت ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن، چونکە لە بنەڕەتدا دەق ئاوێزان کردن کۆمەڵێك مەبەست و ئامانجی تایبەتی نووسەری لە پشتەو نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئاوێزانکردنی دەقەکانەوە ئەو مەبەست و ئامانجانەی خۆی بپێکێ و ئاستی دەهێنانە ئەدەبیەکەی پێ بگەیەنێتە ئاستێکی بالاتر. لەوانە:

**١-چێژ بەخشینی زیاتر**

لە ڕێگەی دەق ئاوێزان کردنەوە نووسەر دەتوانێ ئاستی چێژ گەیاندنی دەقەکەی زیاد بکات، چونکە ئەو گونجانەی لە دەق ئاوێزاندا ڕوودەدات دواجار لە پرۆسەی گەیاندندا هەڵگری ئەو پەیامەیە، کە دەقە داهێنراوەکە دەیگەیەنێتە خوێنەر- خوێنەریش لە وەرگرتنی ئەو پەیامەدا بەهۆی ئەو گونجانەوە، کە لە نێو دەقەکەدا بوونی هەیە چێژێکی زیاتر وەردەگرێت، چونکە ئەرکی هەر ژانرێکی ئەدەبی و هەر تێکستێکی شیعریی هەژاندن و چێژ بەخشینە لە ڕێگەی گەیاندنی پەیامی شیعرییەوە ((شیعر هەروەك دەمان هەژێنێ


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چێژو خۆشیمان پێ دەبەخشێ)) (جمال حبيب الله:٢٠١٢: ٩٤). وەك دیارە ئاستی چێژبەخشینی دەق و ئەندازەی چێژ وەرگرتن لە پەیامی هەر دەقێکی ئەدەبی لە تیۆرە نوێکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا جێی سەرنجی چەندان ڕەخنەگری ناوداری جیهانی بووە وابەستەی چەندین فاکتەری جیاوازکراوە، وەکو ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەرو بارودۆخ و فەزای خوێندنەوەو ئامادەگی دەروونی خوێنەرو گونجان و نەگونجانی ئایدولۆژیاو بابەتی دەق و چەندین هۆکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کە تایبەتن بە خودی هەر خوێنەرێك. هەروەك جاك دریدا پێداگری ئەوە دەکات کە بونی پێوەندی کلتووری و دژە کلتووری و فەلسەفە لە گەڕانی نێوان دەروون و فەلسەفەدا ((جۆرێك بەرهەمی دەقایەتی پێك دێنێ کە چێژێکی یەکجار زۆر دەبەخشێ)) (ڕۆلان بارت: ٢٠٠٧: ١٦).

لەو سۆنگەیەوە دەق ئاوێزان دەشێ جۆرە جوانناسییەك بەرهەم بهێنێ، کە ببێتە سەرچاوەی چێژ بەخشینی زیاتر بە خوێنەر و زانیارییەکی فراوانتری پێ ببەخشێت و ئەندازەی چێژبەخشینیش بگەیەنێتە پلەیەکی بالاتر.

### ٢-جوانترکردنی دەق

دەق ئاوێزان دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ جوانکردنی دەق و بەشێکی توانای نووسەریش لەو داهێنانەدا بەرجەستە دەبێت، کە لە ئەنجامی دەق ئاوێزان کردنەوە نیشانی دەدا، چونکە هەڵهێنجانی ڕەگەزو ژانرە جیاوازەکانی دیکەی ئەدەب و ئاوێتەکردنیان بە داهێنانی دەقەوە جورێك لە جوانکاری بە دەقەکە دەبەخشێت، کە ڕەنگە بە تەنها و بێ بوونی ئەو وەرگرتن و ئاوێزانکردنەی کە نووسەر پەنای بۆ دەبات دەق نەوتوانێت دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ (( لە تێگەیشتنی نێوان دەقیدا لێکچوونە جوانناسییەکان و شێوەی دەربڕین و هاوسێتی زمانی گرینگە، نەك وێکچوونی هەوێن و وێنە. بەرهەمی هونەری لە بەرهەمەکانی پێش خۆی و لە پێوەندی لەگەڵ ئەواندا بەدی دێ. فۆرمی بەرهەمی هونەری بەهۆی پێوەندی لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی لە پێش ئەودا بوون پێناسە دەکرێ)) (ئەحمەد چاك: ٢٠٠٩: ١٣٠).

ئاوێتەکردنەوەی ئەو دەقانەی بەشدار دەبن لە دەقێکی نوێدا جارێکی دیکە زیندووکردنەوەو ژیان پێدانەوەیە بە خودی ئەو دەقە وەرگیراوانە، چونکە زۆرجار بەسەرچوونی کات و قۆناغ دەشێ ببێتە هۆی ماتکردن و کاڵبوونەوەی واتای ئیستاتیکیانەی دەق و هاوشانکردنەوەو ئاوێزانکردنیشی لە فۆرمێکی نوێدا ئیستاتیکای نوێتری بۆ بەرجەستە بکات. ئەم ئاوێتەکردنە لە جیهانی ناوەوەی ڕۆمانیشدا کاریگەری خۆی دەنوێنێ و جوانناسییەك بە تەکنیکی فرەدەنگی و پێکهاتەی هونەری ڕۆمان دەبەخشێت ((بونیادی ئاوێتەکردن ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی کاری ڕۆماندا دەگێڕێت، چونکە دەبێتە پەیداکەری کەرەسەی دیکە بۆ ڕۆماننووسین. تاکو لە ناو ڕۆمانەکەدا جیهانێکی ڕەنگاو ڕەنگ بخولقێنێت. هەروەها بۆ کاری جوانکاریش لە شێوازی نووسیندا سوودی لێ وەردەگیرێت)) (حەمە مەنتك: ٢٠١٣: ٢٦١). جیهانی ڕۆمانیش ڕەنگە جیهانێکی لەبارو گونجاو بێت بۆ گەیاندنەوەی ئەو ئیستاتیکا ونبووانەی دەق. دیارە ئەمەش هەر لە مەودا فراوانی ڕۆمانەوە سەرچاوەی گرتووە.

### ٣- فراوانترکردنی واتا و مەبەست

هەموو دەقێکی ئەدەبی لە بنەڕەتدا مەبەستی گەیاندنی واتا و دەلالەتی تایبەت بەخۆیەتی، کە لە بنەڕەتدا لە هەناوی خۆیدا حەشاری داون و ئەمەش پەیوەستە بە فرەیی واتا لە دەقدا، چونکە ((خودی دەق فرەییە، خودی فرە ماناییش دێنێتەدی)) (محەمەد ڕەنجاو: ٢٠٠٧: ٥٠) ئەمەش وابەستەیە بە تواناو شارەزایی نووسەر لە دەربڕینـدا و لـەو حاڵەتەشـدا (بابـەتی دەق هەرچـی بێـت، نووسـەری بەسـەلیقە-ڕۆمـاننووس- دەتوانێـت بەبەکارهێنانی کەرەستە هونەرییەکان ئەو بابەتە بە جوانترین شێوە نەخشە بکێشێت و جیهانێکی قەشـەنگ و فراوانی لێ دروست بکات) (کاروان عومەر کاکەسوور: ٢٠٠٢: ٢٣).

ئـەم فراوانـی و شـێوە نەخشاندنەی دەقیش ئەشـێ بـە گـەلێك هۆکاری تایبەتـەوە بێتـەدی و دەق ئـاوێزانیش دەتوانی ببێتە بنچینەیەکی لەبار بۆ گەیانـدنی واتـا و فراوانکردنـی واتـای دەق. لـەو ڕوانگەیـەوە؛ دەق ئـاوێزان ڕۆڵێکی کاریگەر لە فراوانکردنی واتادا دەگێڕێت و واتاو مەبەستی لێوەرگیراو دەبێتە تەواوکەری واتاو مەبەسـتی دەقی داهێنراو و، ئەمەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە جۆرێك لـە فراوانکردنـی واتـا و زیـادکردنی واتـای تازە بۆ دەقەکە، ئەمەش وابەستەیی هەر دەقێك بە دەقێکی دیکەوە وێنا دەکات و ڕافەی هەر دەقێك گرێدراوی دەقگەلێکی پێشووتری خۆی دەبێت، کە دواجار خودی فرە ڕافەییش هەر لەو مەودا فراوانەی دەقەوە سەرچاوە دەگرێت.

### باسی چوارەم: گێڕانەوە-پانتایی دەق ئاوێزان

ژانری شیعر ژانرێکی گونجاو و لەبارە بۆ دەق ئاوێزان کردن، چونکە زۆرجار زەرورەتی تەواو کردنی واتا و مەبەستی شیعری یان گەیانی پەیامی شیعریی شاعیر ناچار دەکات، کە دەقـە داهێـنراوە نوێکـەی بـە پرۆسیسـی دەق ئاوێزان کردندا تێپەڕێنێت و بـەم کـردارەش سـتاتیکایەکی لـەبارتر بـە دەقـە نوێکـەی ببەخشێت. ئەمـەش بەهۆی ئەو دەرفەت ڕەخساندنەی شیعرەوەیە بـۆ دەق ئـاوێزان کـردن. لـە بەرانبـەر ئەمـەدا بەشـە جیاوازەکـانی پەخشان لە توانایاندایە پانتایی زیاتر بۆ نووسـەر بڕەخسێنن تـا پرۆسـەی دەق ئـاوێزانکردن ئـەنجام بـدات، بـە تایبەتیش ژانری چیرۆك و ڕۆمان.

گێڕانەوە لە چیرۆك و ڕۆماندا پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات و ئـەو پانتاییـە فراوانـەش دەرفـەت بـۆ نووسـەر زیاتر دەڕەخسێنێ تا لەو باگراوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەی، کە هەیـەتی لـە ژانرەکـانی دیکـەوە هـەڵبهێنجێت و ئاوێزانی دەقە داهێنراوەکەی خۆی بکات، چونکە ((گێڕانـەوە لـە ڕۆمانـدا، لـە سادەترین فۆرمیدا، بریتییـە لـە گەیانـدنی زنجیـرە ڕووداوێکـی نێـو دنیایـەك کـە زادەی خەیاڵـە، یـان بەڕاسـت دانـراوە و لـە ڕێگـای سیسـتمی سیمبولئامێزی زمانەوە پیشان دەدرێت یان دەگێڕدرێتەوە)) (عەلی عوسمان یەعقووب: ٢٠١٥: ٦٧). بۆ نموونە لە نێو گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆماندا ڕۆماننووس دەتوانێ چەندین بابەتی وەك شیعر، پەندی پێشینان، حەیران، بەیت، ...تاد. تێکەڵ بە دەقە نوێکەی بکات. دیارە ئەو دەقە هەڵهێنجراوە وەرگیراوەی، کە ڕۆماننووس پەنای بۆ دەبات دەچێتە خزمەت گەیاندنی واتای زیاتری دەقـە نوێکە، چونکە لـە بنەڕەتـدا ڕۆمـاننووس بـۆ دەوڵەمەنـد



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کردن و زیاتر ڕازاندنەوە بەکاری دەهێنێ. بەم جۆرەش گونجاندنێکی تەواو لە نێوان ئەو دەقە بنەڕەتییەو دەقە نوێکەدا دروست دەبێت، بۆیە لە بۆتەی دەقە داهێنراوەکەیدا دەیتوێنێتەوە یان تێهەڵکێشی دەکات.

دەق فەزایەکی دەخراوی نییە، بەڵکو زۆرجار فرە ڕەهەندە و ئەو فرە ڕەهەندییەش دەروازەیەك بۆ نووسەر والاّ دەکات لە ئەزموونی ئەدەبیی نووسەرانی تر وەرگرێت و ئاوێزانی دەقەکەی خۆی بکات. بەم کردارەش بێ ویستی خۆی ناچار دەبێت ئاوێزان کردن لە نێوان دەقەکاندا بەرجەستە بکات. لە هەندێ بارودۆخیشدا دەبینین نووسەر بە ئاگایی و بە ویستی خۆی دەقی نووسەرانی دیکە وەردەگرێت و تێکەڵ بە دەقە نوێکەی خۆی دەکات. ژانری ڕۆمانیش بەجۆرێك خۆی دەگونجێنێ، کە دەتوانێ هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی ئاوێزانی گێڕانەوەی خۆی بکات و لە ڕێگەی ئەو ئاوێزانکردنەشەوە پەرە بە سروشتی گێڕانەوەیەکی باشتر بدات.

ئەم ڕایەڵەی پێکهاتنە لە ئەنجامی ئەوەوەیە، کە ((هەموو دەقێ نیشانەی خۆی هەیە، نیشانەی نووسراوی یان بزووتن و لە باری تایبەتدا هاتوونەتە کایەوەو ژیانیان پێ بەخشراوە، هەندێکیان هۆشمەندێتی دروستی کردوون، هەندێکیان لە ناهۆشمەندییەوە دروست بوون. هەندێکیان خاوەنەکەی بە ئاشکراو بە ڕێگایەکی هۆشمەندانە پەنا ئەباتە بەر ئەو شێوازانەو ئەو ماتەریالە سەرەتاییانە بۆ دروست کردن و هێنانە ژیانی نیشانەی تایبەت، بەڵام لە وردبوونەوە لە کون و کەلەبەری دەقەکان، هەندێ نیشانەی ناهۆشمەندی ئەبینرێن کە ئەمەش ڕەنگە خۆی لە پاش لە دایکبوونی دەقەکەش هەستی پێ نەکات)) (سەلاح حەسەن پاڵەوان: ٢٠٠٢: ٩٩). ئەمەش یەکێکە لەو چەمکانەی کە فرۆید لەبارەیەوە دواوە، چونکە وەك دیارە فرۆید داهێنانە ئەدەبییەکانی بەستۆتەوە بە بنچینەو بناغەی نەستی مرۆڤەوەو بە بڕوای ئەو نەست سەرچاوەو چاوگی بنەڕەتی داهێنانەو ئەوەش لە ئەنجامی ئەو چەپاندن و بە ئاکام نەگەیشتنەی مرۆڤەو سەرچاوە دەگرێت، کە ڕێگرن لە بەدیهێنانی حەزوو ئارەزووەکانی ناخی مرۆڤ.

ڕۆلان بارت لە باسی چەمکی نێوان دەقێتی دا بۆچوونی وایە، کە (( دەق پێکهاتووە لە کۆمەڵێك نووسراوە و هەڵهێنجراو لە کۆمەڵێك گوتاری جۆراو جۆر کە بەشێوەیەکی تایبەت لە گەڕدا بوونە. نووسەریش کەسێکی ئاوێتەکارە و ئەو کەسەیە کە کەرەستەو ماکە خاوەکانی زمان کۆدەکاتەوە و ئاوێتەیان دەکات. لەم گۆشە نیگایەوە، ئەدەبیات تا ڕادەیەك دەبێتە جۆرە دووپات بوونەوەیەك. نموونەی ئەم دووپات بوونەوەیە لە هەندێ گێڕانەوەدا دەبینرێ، بە تایبەت ئەوانەی پێیان دەڵێن ئوستوورە کە لە دووتوێی کۆمەڵێك شکڵ و شێوەی گۆڕاودا دووپات دەبنەوە. چیرۆکی ئۆدیب سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، چونکە شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەم چیرۆکە لە مێژووی ئەدەبیاتدا هێشتاش هەر دووپات دەبێتەوە)) (راجێر ویبستێر: ٢٠٠٦: ١٩١–١٩٢).

دووپاتبوونەوەی ئەو ژانرە جیاوازانەی ئەدەب و ئاوێزان کردنیان بە هەندێ بەشی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمان، وەك بنەمایەکی کلتووری جیاواز لە دنیای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژانری ڕۆماندا نەك هەر لە بەهای ڕۆمان کەم ناکەنەوە، بەڵکو وەك سەرچاوەی ئەدەبی-کلتووری جیاواز دەبنە سەرچاوەی فراوانکردنی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژانری ڕۆمان و زانیاری زیاتریش بەگێڕانەوەکە دەدات و چێژی گێڕانەوەش زیاتر دەکات.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشـــــی دووەم:

## دەق ئاوێزان لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا

### باسی یەکەم: دەق ئاوێزانی حەکایەت

حەکایەت لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا پێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە ((چیرۆك-کە لە ناو کورددا حیکایەت یا "نەقل"ی پێ ئەلێن...بەشێکی گەورەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی)) (عیزەدین مستەفا رسول: ١٩٧٩: ٢٤). لە مێژووی نەتەوەی کورددا گێڕانەوەی حەکایەت هۆکارێکی تایبەتی پەروەردەو ڕۆشنبیرکردنی تاکی کوردبووە و فاکتەرێکی بەهێزی کات بەسەر بردن و کۆڕگەرم کردنیش بووە. لە ڕۆمانەکانی فەتاحی ئەمیریشدا لە "هاوارەبەرەو میرزا"دا هەروەك ئەوەی " زاهیر ڕۆژبەیانی" ئاماژەی پێکردووە چەندان حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی دەق ئاوێزانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کراون (( پەسنی بزۆز لە پەخشانی فەتاح ئەمیری-دا زۆرن، بەڵام لەم ڕۆمانەیدا جگە لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئیدیۆمی باوی کوردەواری، ژمارەیەکی بەرچاوی نەقڵ و نەزیلە، چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی لە دەقەکەدا تێکەڵکێش کردوون، لە بەشی یەکەمدا "هاوارە بەرە" وەك: حیکایەتی " سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس- ل ٧١" و " هاواری نانی سووتاو- ل ٩٠" و حیکایەتی " گوڕنە تەڵە- ل ٦٩" و حیکایەتی "سوارەکەی مەندی مەندی- ل ١٣٤" و مۆتیفێك لە ئەفسانەی "یاجوج و ماجوج- ل ١٢٨"، خێوداری و جنۆکە ڕاگرتن لە خزمەتی خەڵك کە هەندێك لەمانە لەبەشی دووەمیشدا، واتا لە "میرزا"شدا دووبارەکراونەتەوە)) (زاهیر ڕۆژبەیانی: ٢٠٠٩: ٦٣).

--------------------

تێبینی:

١-لە کوردستانی ئێران، فەتاح ئەمیری ڕۆماننووس لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕۆمانی "هاوارەبەر"ی بڵاوکردۆتەوەو، لە ساڵی ١٩٩٣دا ڕۆمانێکی تری بە ناونیشانی "میرزا" بڵاوکردەوە و بە تەواوکەرەوەیەك بۆ ڕۆمانی "هاوارە بەرە" دادەنرێ، بڕوانە ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، عادل مەجید گەرمیانی، ٢٠٠٦.

٢-لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە هەموو ئەو دەقانە ئاماژە پێ بکەین، کە ڕۆماننووس دەق ئاوێزانی گێڕانەوەی نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی کردووە، بەڵام لە ئاماژە پێکردنی دەقە وەرگیراوەکاندا لەبەر زۆری مەودای تێکستەکان زۆرجار ناچاربووین، کە تێکستە وەرگیراوە دەق ئاوێزان کراوەکان کورت بکەینەوە یان بەشێکی لێ لابەرین و لە جێگەی ئەوە چەند خاڵێك دابنێین و لە هەندێکیشیاندا تەنها ئاماژە بە ناوی بابەتە دەق ئاوێزان کراوەکان و ئەو لاپەڕەیە بدەین ، کە لە نێو ڕۆمانەکەدا ئەو تێکستەی تێدا دەق ئاوێزان کراوە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە ڕۆمانی "هاوارە بەرەدا" یای ناز وەك كاراكتەرێكی لاوەكی لە پەروەردەكردنی دوومنداڵە بێ باوكەكەیاندا بۆ پەروەردەكردن و دڵنەوایی كردنیان پەنا دەباتە بەر ئەو جۆرە حەكایەتانەی كە لەگەڵ سروشتی دنیای منالاّنـدا تا ئەندازەیەك گونجاوە هەروەك حەكایەتی "سوارەكەی مەندی مەندی" بۆ وەتمانی كوڕی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (( ئێستا مەلا بانگی خەوتنانی نەداوە،"وەتمان" لەجێ یەدا ڕاكشاوە و گڕنەی حەكایەتی گرتووە.

یای ناز حەكایەتیی"سوارەكەی مەندی مەندی" بۆ دەگێڕێتەوە:-

" ڕۆژێكی بەهاری، پاش بارانێ، سوارێك بەرێگایەك دا دەڕۆیی،....

((وەتمان بەخەوالّوویی گوتی:

-دایەگیان سوالەكەی مەندی مەندی ئازاتل بوو یا مام میلزا؟

-یای ناز هەناسەیەكی ساردی هەڵكێشاو گوتی:

-میرزا ، میرزا.

وەتمان پرخ و هۆڕ خەوی لێكەوت)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ١٣٥). بە دەق ئاوێزانكردنی ئەو حەكایەتە مـەودای گێڕانەوەی ڕووداوی نێو ڕۆمانەكە فراوان بووە و دەق ئاوێزانی جۆری گشاندنی گێڕانەوەی بەرجەستە كردووە. لەبەشی دووەمی ڕۆمانەكەشدا لە چەندین شوێندا حەكایەت تێكەڵ بـە گێڕانـەوەی ڕۆمانەكـە كـراوە ((واتـا لـە میرزاشدا دووبارەكراونەتەوە وەك: حیكایەتی سوڵتان مەحموود و هەیاس و ڕەندەو مەندەو مامەندە لـە ل ٧و٦، ئەمە جگە لە تێكەڵكێش كردنی هەندێ حیكایـەتی دیكـەی وەك: حیكایـەتی خەرەكـە نـارم نـارم، لـە ل ٧ و ٨ و حیكایەتی "پیرەژن و ڕێوی و كلكە قوڵە داشیردا لە ل-١١٢تا ١١٤")) (فەتاح ئەمیری: ٢٠٠٩: ٦٤).

بۆ نموونە: كاتێك "حاجی" لەگەڵ میرزا دەدوێت لە بارەی ئەرك و ماف ژنەوە دەست دەكات بە گێڕانەوەی ئـەو حەكایەتە ئاینییەی، كە لەبارەی پەپوو سلێمانەوە باسی لێوە كراوە.

"حاجی":- میرزاگیان! لە دڵت گران نەیە، ئەوە قەڵەم و قاقەز نیە لە من باشتر بزانی، ئـەمن ئـەو فێڵەی باشـتر دەزانم، پێغەمبەر فەرموویە"پرسیان پێ بكەن، بەقسەیان مەكەن"

"قسەكانم"ڕەقن چونكە حەقن" شارستانی لە حاست ژن زۆر ئاڵین"، ناوێرن بەبێ ئیزنی ئەو قامك لە ئاو نێن، تكات لێدەكەم ئەو دابە مەخە ئەو ولاّتە، لێمان گەڕێ با لە سەر داب و ڕەسمی كوردەواری ژن ژن بێ و پیاو پیاو، چاكم دامەزراندووە، لێم تێك مەدە، ئەوەی وەك من نازانی، پیاو ئەگەر ئیختیاری ژن و منداڵی خۆی نەبێ پیاو نیە ماڵ هەر گەورەیەكی هەیە ئەویش پیاوە.

قوربان! ئەگەر سەرت نایەشێ نەقڵی زوو هیچیان درۆ نەبوون و دەگێڕنەوە!

"پادشایەك دەبێ زۆر ساحێب قەوەو قودرەت،... ڕۆژێك ژنـی پادشـا دەچێتـە سـەفەرێ، شـا ئـەمر دەكـا هەرچـی باڵندەیە بێ نیسێی لەسەر بكا. باڵندە هەموو دێن، پەپوو سڵەمانكە، نایە،... .

پەپوو! بڵێ بزانم بۆ بێ ئەمریت كردووە، ئەو ڕۆژە چت دەكرد؟

پەپوو لارەمل و پۆپە شۆڕ دەڵێ:- قوربان ببوورە، ئەو ڕۆژە كارم هەبوو، پێم نەكرا بێم، شا دەڵێ:- چ كارێك؟

پەپوو:- قوربان قوربان! مردوو و زیندووم دەبژارد.

شا دەڵێ:- ئەگەر ڕاست دەكەی، مردوو پترن یا زیندوو؟



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەپوو دەڵێ:- قوربان! مردوو پتر بوون.

شا گوتی:-جا دەلیلت چیە؟ پەپوو گوتی:- قوربان!

بۆیە مردوو پتر بوون، ئەوانەی لە ژنەکەشیان دەترسان، هەر بەمردووم دادەنان. شا بەقسەی پەپوو بزەی هاتێ و لە تاوانی خۆش بوو.

میرزا ! بەسەری تۆ ئێستا وان لێ نەهاتووە، ژن و مـن حوکماتن بەسـەر دا بکا)) (فـەتاح ئـەمیری: ١٣٦٩: ١٤٨).

لە ڕۆمانی "میرزا"شدا گێرەڕەوەی ڕۆمانەکە لەسەر زاری "میرزا ژن"ەوە حەکایەتی سولتان مەحموود و هەیاسی خـاس تێکەڵکێشـی گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە دەکـات (( مـیرزا ژن سـەرینێکی گـەورەی دووقـەد دەنووشـتاندەوەو دەسـتیپێدەکرد. زۆربـەی چـیرۆکەکانی دەگـەڕاوە سـەردەمی غەزنەویـەکان، بەتایبـەتی کـاتی پاشـایەتی سـوڵتان مەحموود. زۆریشی لە زمانی پیسۆزەوە دەگوتن: سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و حەسەن مەمەندی بەجلی دەروێشی وەدەرکەوتن... هێندی باسی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و حەسەن مەمەنـدی بـۆ کردبـووم. لـە گەڵیان وەك برایانم لێهاتبوو)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٧٢: ٦–٧). بۆ نموونە: حەکایەتی "خەرەکە نار نار" یەکێکە لە نموونەی ئەو حەکایەتانەی، کە دەق ئاوێزانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کراوە.

((چیرۆکی دیکەشی دەگوتن، حەکایەتی ڕەندەو مەندەو مامەندەی دوو سێ جاران بـۆ گـوتین. ئـەمن حەکایـەتی خەرەکە نارم نارم لە هەموویان پێخۆشتر بوو. لە دواییش دا گەرمـە شـینێکی باشـم بـۆ دەکـرد. ئێسـتاش لـەت و کوت لە بیرمە دەیگوت:

ساڵی گرانی ژنێك لەگەڵ کچە منداڵکارەکەی، لە هۆدەیەکی ڕەق و وشك، بە برسیایەتی خەریکی خەرەك ڕستنن. باوکی کچە بەشوێن ئارد پەیدا کردن دا ڕۆیوە.

کچ: دوو گوڵم ڕست و بیست و چوار

-خەرەکە نار، نار، نار، دایە مردم لە برسـان... کـچ لـە برسـان ڕەق هـەڵاتووە، نـارە نـاری خـەرەك و پشـووی کـچ وێڕای یەك کەوتوون)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٧٢: ٧–٨).

ئەم حەکایەتە و سەرجەم حەکایەتەکانی نێو هەردوو بەرگی ڕۆمانەکە بوونەتە هۆی کشاندن و فـراوان کردنـی مەودای گێڕانەوەی ڕووداوەکان، چونکە (( بۆ ڕۆمان، بونیادی ئاوێتـەکردن یەکێکە لـە لایەنـە ئیسـتاتیکییەکانی تەکنیکی فرە دەنگی، کـە ئـەم ڕۆڵـە دەگێڕێـت. مەبەسـت لێـی ئەوەیـە ڕەگـەزی دیکـەی ئـەدەبی بـۆ نێـو ڕۆمـان بگوازینەوە، جا ڕەگـەزی گـەورە، یـان ورد بێـت، وەکو: حیکایـەتی میللـی و فۆلکلۆری، ئەفسانە، داستان، شـیعر، پەندی پێشینان، شانۆگەری، سەفەر نامە، نامە، چیرۆکە هەواڵی نێو ڕۆژنامەکان...تاد. ئـەم بونیـادەش پشـت بـە لێکدانی توخم و ڕەگەزی ژانـرە ئەدەبییـە لێکجیاوازەکان، لـە چـوار چێوەی گێڕانەوەیـەکی تـەواو، کـە یـەکێتی بابەتی تێدا بێت دەبەستێت)) (حەمە مەنتك: ٢٠١٣: ٢٥٩).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**باسی دووەم: دەق ئاوێزانی داستان**

داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوریدا پێگەیەکی تایبەتی خۆی هەبووەو گێڕانەوەیەکی تایبەت بە قۆناغەکانی ڕابردووی ئەدەبی نەتەوەیی بووە، چونکە ((داستان، بەرهەمێکی چیرۆك ئامێزە، لە فۆرمی وێنەدا، باری ژیان و بوونی گەل و پێوەندیی کۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەو پێش چوونی مێژوویی دەردەخا)) (عیزەدین مستەفا رسوول: ١٩٧٩: ٣٢). لەو ڕوانگەیەوە ئەدەبی هەر نەتەوەیێك خاوەن چەندین داستانی تایبەت بەخۆیەتی، کە وێنەی ژیانی ئەو نەتەوەیە نیشاندەدات. ئەدەبی کوردیش لە تەواوکردنی زۆر ژانری دیکەدا سوودی لە داستان وەرگرتووە. مەودای ڕۆمانیش بارێکی گونجاوە بۆ دووبارە گێڕانەوەی داستان (کەلەپووری هەر کۆمەڵگایەك چەندین داستان و داب و نەریت و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و لایەنی تر دەگریتەوە بە پاراستنی ئەو گەنجینەیە ڕۆمانووس دەتوانێ دەقی ڕۆمانەکەی پێ دەوڵەندتر بکات) (مەهدی سالح: ٢٠٠٥: ٥٦). بەحوکمی ئەوەی هەردوو بەرگی ڕۆمانەکە سەرەڕای ڕیالیزمیەتی ڕووداوەکان و نیشاندانی کێشە سیاسی و نەتەوەیی یەکان؛ سروشتێکی داستانی ئەڤینی و دڵداریشی لەخۆیدا هەڵگرتووە. لە بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکەدا "هاوارە بەرە" داستانی عەشق و ئەڤینیی "یارەی شوان و خەزاڵ" لە بەرگی دووەمیشدا "میرزا" عەشقی نێوان "میرزا و یای ناز" بەیان دەکات (( لە ڕۆمانی دووەمی ئەمیری-شدا میرزا دیسان بەدوای ئاگادار و وریاکردنەوەی خەڵکی گوندنشینە، لە کاتێکدا بەرگی یەکەم تەرخان کراوە بۆ داستانی ئاشقانەی نێوان شوانەو خەزاڵ وەك تیمی سەرەکی، بەرگی دووەم بە عیشقی نێوان میرزاو نازەوە سەرقاڵە)) (هاشم ئەحمەد زادە: ٢٠٠٦: ٨٣). بۆیە سەرباری عەشق و ئەڤینیی نێوان کاراکتەرەکانی هەردوو ڕۆمانەکە "فەتاح ئەمیری" چەندین داستانی فۆلکلۆری دیاری کوردەواری دەق ئاوێزانی نێو گێڕانەوەکە دەکات ((لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا بەشێك لە بەیتی"لاس و خەزاڵ-ل٣٠" و بەشێك لە گۆرانییەکی "فۆلکلۆری-هەرکەس یارەکەم-ل ٣٩" و بەشێك لە بەیتی "قەڵای دمدم- ل ٦٩ تا ٧٩" و بەشێك لە داستانی " لەیل و مەجنوون-ل ١١٥" تێکەڵکێشی گێڕانەوەکە کراون)) ( زاهیر ڕۆژبەیانی: ٢٠٠٩: ٦٢).

بۆ نموونە کاتێك یارەی شوان لە بیری عەشقی خۆیی و خەزاڵ دایە گێڕانەوەکە تێکەڵ بە داستانی "لەیل و مەجنوون" دەکات ئەمەش جۆرێکە لە سروشتی دەق ئاوێزان لەجۆری (التمطیط= کشاندن، پەرەپێدان، فراوانکردن)، چونکە مەودای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی فراوان کردووە ((مانگی گەلاوێژە، شەو درەنگانە، ئەستێرەیەك یەك ڕا دەخۆشن، بەرەبەرە ئاسمان لەچاو تررووکان دەکەوێ، ڕێی کاکێشان چۆڵ و چۆڵتر دەبێ.

سیوەیل دیار نیە،... مەڕ شەوبەکێوە، شوانە تەنیایە، لە ئەستێرەی لەیلی و مەجنوون دەڕوانێ، چاوی لە ئاسمان بڕیوە، دوور دوور دەڕوانێ، کۆوتەرازوو، حەوتەوانە، ئەستێرەی ورد و دوور، ئەستێرەی گەش لە دڵە خۆدا دەڵێ:

-خوایە ئەستێرە چیە؟

-دەڵێن ئەستێرەی "لەیلی و مەجنوون"ساڵی جارێکی وێك دەکەون، لەو کاتەدا بڵێی بیان بینم؟

-بیستوومە! لەخۆڕا نەیان گوتووە! دەڵێن، لەو وەختەدا کە "لەیلی و مەجنوون" دەگەنە کن یەك، یەکتر لە ئامێز دەگرن، هەر کەس بیان بینێ، هەر مەخسوودێکی هەیەتی حاسڵ دەبێ.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

-سەیر دەبوو بیان بینم!

-ئەرێ بڵێی وابێ؟

-بیستوومە مەجنوون شێت بووە! شێتوولکە! ڕەنگە وابێ، ئەمن چاك لەوەی دەگەم، ڕەنگە دەست کورت بووبێ، لەیلی کچە دەوڵەمەند بووە و مەجنوون کوڕە فەقیر، بەیتەکەشیم وابیستووە.

-مەجنوون، حەرەب بووە، یەکی ڕەشی لینگ درێژی گێژو حۆل، وەك کەڵ هەڵی هاویشتبێ، لەق و لاواز، پیاو دیبایەی زەندەقی دەچوو!

-لەبەیتەکەی دا دەڵێ:- هەر دەچوو لەبن کەندەلانی ئاودڕ و...!

-جا باشە حەمری نەمێنێ، سەد کەس عاشق بووە،...هیچ نەبا، دەچووم خۆم لە پەنا پیاوێکی گەورە، وەك میرزا داویشت دەیجا حەولێکی هەر بۆ دەدا.

-ئەرێ بڵێی  ئەمنیش وام لێ نەیە؟

-بەخولای میرزا نەمکاتێ ئەمنیش وام لێ دێ! لەو خڕودۆڵەی دا ون دەبم، ماریش پێوەم دەدەن! تووکی سەرم با دەیبا، کوڕە میرزا پیاوی درۆیە نیە، شەرمیش لەمن ناکا، بۆم دەستێنێ دنیا و حالەم خرابێ، ئەدی هاتوو جوابی میرزایان نەداوە؟

-کوڕە جا چۆن جوابی نادەنەوە؟

-حەرەب دوای خۆشەویست و ئیمامەکان و هێندێکی دی، کوا پیاوی وەك میرزایان بووە! میرزا کەڵە، دیوان دڕە، نێرەپیاوە)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ١١٥-١١٦).

بەم شێوەیە داستانی لەیل و مەجنوون گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی پەرپێداوەو خوێنەریش چێژی زیاتری لێوەردەگرێ.

**باسی سێیەم: دەق ئاوێزانی بەیت**

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی پڕە لە بەیتی جۆراو جۆر، کە هەر یەکێك لەو بەیتانە چەندین مەبەست و ئامانجی تایبەتیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە و لە گێڕانەوەیاندا خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان لە هەر بەشێکی دیکەی فۆلکلۆر نیشاندەدەن (( بەیتەکان گێڕانەوەی ڕووداون. هەر کام بەپێی ناوەڕۆکیان دابەش کراون)) (ڕەسوڵ سوڵتانی: ٢٠١٢: ٢٩٩).

لە گێڕانەوەی ڕووداوی هەردوو ڕومانەکەی "فەتاح ئەمیریشدا" واتا ڕۆمانی "هاوارە بەرە و میرزا"شدا چەندین بەیت دەبینرێت، کە تێکەڵکێشی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە کراون و پانتایی گێڕانەوەکەیان فراوانتر کردووە و بەجۆرێکێش تێکەڵکێش کردنەکە ئەنجام دراون، کە کۆتایی مەبەست لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەگەڵ سەرەتای مەبەست لە گێڕانەوەی بەیتەکاندا تەنسیقێکی تەواو گونجاویان هەیە. بۆ نموونە کاتێك "یارەی شوان" بەیتی سوارۆ دەبێژێ وەك بەیت بێژێکی لێزان و شارەزا بەیتەکە دەگێڕێتەوە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

((یـارە تێـی توڕاتـد، شـارەزا، وەسـتایانە، شمشـاڵی دەلەرزانـد، لەگـەڵ تەمـەنی نـەی دەخوێنـدەوە، پشـووی لاو بەئەزموونی پیرانە/ وەك ئەسپێکی وێرغە قامکی لەسەر کونی شمشاڵ دەگوێستەوە، نیسێی قامك و بلوێرەکـەی، بـەتارمایی و شـەبەقی نیـوە زینـدووی پـێ سـۆز، لەسـەر دیـوارە قورماویەکە، وەك جاڵجاڵۆوکەیـەکی ڕەشـی زلـە دەچێ:

((سوارۆ! سواری دەجوندیە

بابی منت بێتەوە بەقوربانی ئەوێ قەمبەڵێ دەچاویە

ئەتۆ نازانی نێو ونیشانی چووکـــەلە سواری من چیە

تا دەگاتە کۆتایی...

دەنگ، دەنگی ئاشنا، دەنگی شمشاڵ وەك کۆتری بەهاری دەگمێنێ، بڵێندو نەوی دەبێ، دەنگی دەخا و هەڵ دێنێ و دەمرێ و دەژێتەوە)) ( فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ١٥-١٦).

یان کاتێك، کـە بـەیتی " لاس و خـەزاڵ" تێکـەڵکێش گێڕانـەوەی ڕووداوەکـانی ڕۆمانەکـە دەکات سـەرەتا لەگـەڵ "بەرخە خەزاڵ" و دواتریش لەگەڵ "خەزاڵ" دەکەوێتە دوان و گفتوگۆ و هەر لەگەڵ ئەو گفوگۆیەشدا بەیتەکە دەق ئاوێزانی گێڕانەوەکە کراوە.

((بەرخە خەزاڵ زۆر ئۆگری یارەیە،... لەگەڵ دەنگی شمشاڵی بیست، گوێ شل دەکا،...، چاو لەسـەریەك دادەنـێ، هەموو جارێ یارە، قسەی لەگەڵ دەکا، لێی دەگۆڕێ دەبێتە خەزاڵی ڕاستی. دەڵێ:- خەزاڵێ،... یابت دزن یا گورگ لێت دا، من چ بکەم؟! پەنا بۆ کـێ بـەرم؟ خـەزاڵی دی! بێتـوو حـاجی بزانـێ، چی، دەرم دەکا، ئـابڕووم دەبـا،...، "یارە" دەست دەداتە بلوێرو تێی دەتووڕێنێ: بلوێر بەبەیتی لاس و خەزاڵ وەگریان دەخا.

"کوڕە دەڵێ: ئەمما خودایە، بری بام بەبری تۆ، منت کردبا بەریشە"

" داریك، لەوی دە دارە قەیسی یە، شین ببام لە تیرەگی دەکوێستانان"

تا دەگاتە کۆتایی بەیتەکەو دەڵێت:

خەزاڵە شۆڕی مەلانەبی و لاس و لاسی ئەحمەدی خـانی دەباڵـەکی یـە" "یـارە" کـاوڕە گـەلی قوڵـەپێچ کـردووە، بەرەو ماڵە، خەزاڵ لە پەنا؟، خەزاڵ لە دوور، دوور دەڕوانێ (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٣٠-٣٢).

هەروەها کاتێك، کە میرزا داوا لە یارەی شوان دەکات شمشاڵی بۆ بژەنێ و بـەیتی بـۆ بڵـێ شـوانە بـەیتی "دم دم" دەگێڕێتەوە.

(( هەستە ڕۆڵەم، هەسـتە کەسـی مـامی، بلوێرەکـەت لـەتوربێنێ دەرکێشـە و وەك نەفەسـی عیسـا لەشـی مـردووم زیندووکەوە،... .

شوانە بە قونە قون هەستا، وەك لە شمشاڵەکەی زیزبێ، لە دڵە خۆی دا گوتی:- بەخاتری میرزا، نابێ دڵی بشکێ، با عاجز نەبێ.

شوانە ڕووی لە میرزا کردو گوتی:


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەڵێ قوربان، ئەوەش شمشاڵ، ئەتۆ بەو فیکە فیکەی من ڕازی بی هەتا دەمرم دەیژەنم، چیت دەوێ؟ چ هەوایەك؟ نەرم؟ گشت؟ هەڵپەڕکێ؟ بەیت؟ شەڕناخێوی؟ حەیران، داواکە، ئەمرکە، ئەو جێ یەی پێلاوی تۆی لێ بێ، سەری من لەوێ یە.، میرزا گوتی:

ئەوەی من دەمەوێ بەیتە، خۆت هەڵبژێرە، بەیتێکی کوردی، ڕەسەن و پڕ مانا، با ڕۆژەکەمان بەفیڕۆ نەچێ.

شوانە ئاوای دەست پێکرد: مام میرزا دمدمی زۆر پێ خۆشە

"دم دمم بەردی نەبەردی"

"لێی دەن بە تۆپی نەبەردی"

"تا ڕۆژی مەردی و نامەردی"

تا دەگاتە کۆتایی (فەتاح ئەمیری: ١٣٧٩: ٦٨-٧٠).

لە ڕۆمانی "میرزا"شدا بەیتی گەنج خەلیل لەسەر زاری کاراکتەرێك "حەسکۆ" تێکهەڵکێشی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کراوە، کە بەیتی گەنج خەلیل بەیتێکی دڵداریە و باس لە وەفاداری ئەڤینیی دەکات.

((حەسکۆ لە پەنای من هەڵترووشکابوو ئەو دووساڵەی پێکەوە بووین، بەبێ یەك تفەنگمان نەتەقاندبوو. بەیتی "گەنج خەلیلی" دەگوت، زۆر بە ئەسپایی دەلوراوە، دەیکولاند نارە ناری زۆر بە غەریبی دەهات:

"ئەزێ ڕابم کەمەرا پشتا خۆ بشکینم بۆ ئەسپێ گەنج خەلیل بکەمە نالە"

" بازنێ خۆ بشکێنم بکەمە هووردە بزمارە....."

"بسکێت خۆ ببڕم بکەمە سەر ڕەشمە، بەلێ بکەمە دۆخ و سەر هەوسارە"

"گەنج خەلیل کوڕمامێ خۆ بێم سوار بکەم ل کۆمیتەکی تاڵە" )) (فەتاح ئەمیری: ١٣٧٢: ١٩١-١٩٢).

بەم شێوەیە لە ڕێگەی تێکەڵکێش کردنی ئەو بەیتانەوە دەق ئاوێزان لە جۆری دەقئاوێزانی ڕاستەوخۆ (التناص المباشر)ەوە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە کراوە و جۆری دەق ئاوێزان کردنەکەش بوەتە هۆی التمطیط (کشاندن، پەرەپێدان، فراوانکردن)ی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە.

## باسی چوارەم: دەق ئاوێزانی پەندی پێشینان

لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوریدا پەندی پێشینان بایەخێکی گەورەی گێراوە لە یەکلایی کردنەوەی گوتاری نێوان تاکەکان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو بیرۆکە فەلسەفییانەی کە پەندەکان لە ناوەڕۆکی خۆیاندا هەڵیان گرتووە و ئەوسروشتە فەلسەفیەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە پەندەکان بۆ بارودۆخی تایبەت و لەباری قسەکردن خۆیان بگونجێنن و قسەکەر بۆ پوختکردنەوەو کورتکردنەوەی گفتوگۆ پەنایان بۆ ببات، چونکە ((بە کەمترین وشە زۆرترین واتا دەبەخشێت و هەمیشە لە پشتی واتای وشەکانەوە ڕووداوێك هەیە)) (حلمي بدير: ٢٠٠٣: ٣٢).

پەندی پێشینان واتای قووڵ و فراوانی لە خۆیدا هەڵگرتووە و بەشێوەیەکی کورت و چڕ وێنای دەکات و لە پشتی ئەم کورت و چڕییەوە دەلالەتی فراوان و یەکلایی کەرەوە دەبەخشێت، چونکە (( پەندی پێشینان ڕستەگەلێکی کورتی ماناداری زانایانەیە کە بەهۆی جوانییەوە لەناو خەڵکدا باوبوون و هەمووان بەکاری دەبەن و کەڵکیان لێ



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەردەگرن و زۆربەشیان کێش و سەروادارن و قسەیان پێ دەڕازێتەوە)) (سدیق بۆرەکەیی: ٢٠٠٨: ١٩). دەکرێ پەندی پێشینان هاوشانی ژانرەکانی دیکەی ئەدەب تێکهەڵکێشی گێڕانەوەی ڕۆمان بکرێت، بەلام بەشێوەیەك کە لەگەڵ سروشتی گێڕانەوەکەو ئەو بارودۆخەی گێڕانەوەکە لە بارەیەوە دەدوێت بگونجێت ((هێنانەوەی ئەو ڕەگەزانە لە نێو دەقی ڕۆمان بە چەند شێوەیەك دەبێت، یان ئەوەتا ئاماژە بە ناوی نووسەرەکە، یان خاوەن دەقەکە دەکرێت، جا چ بەناوهێنانی بێت لە ناو دەقەکە، یان لە پەراوێزو کۆتایی ڕۆمانەکە وەکو تێبینی، یان دێرە شیعرێکی ناودار، دەقێکی ناسراو، پەندو قسەی نەستەق و جۆرەکانی فۆلکلۆر دەهێنێتەوە کە خەڵك دەیناسێت)) (حەمە مەنتك: ٢٠١٣: ٢٥٩).

بگێڕەوەی ڕۆمان لە وەسفی "یارەی شوان" دا بۆ ناساندی بەخوێنەر چەند پەندێکی کوردی ئاوێزانی گێڕانەوەکە دەکات هەروەك دەڵێت: ((گۆپاڵێکی دار بەڕووی سەربزمارکراوی بەدەستەوە، تازە خەتی دەدا، فیکەی سمێڵی دێ، ترس لە چاوی دا مردووە، شای بەگاوان ناگرێ، نانی ئەو جەمەی هەبێ، لەجەمی دی ناپرسێ، ڕاخەری عەرزەو پێخەفی ئاسمان، کەکوڵ و بارسوك، ڕێگا دەپێوێ، حندر حۆ دەکا، جارجار لابازداوێ، بە حەقلەمەقۆ و هەنگڵەشەلەش دەڕوا.)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٩).

دەبینین چەند پەندێکی کوردی لە وەسفی ئەم کاراکتەرەدا خراوەنەتە کار و بەمەش جۆری دەق ئاوێزان (الایجاز= کورتکردنەوە) لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەرجەستە کردووە.

یان کاتێك یارە بیر لە خەزاڵ دەکاتەوە بیر لە هەژاری خۆشی دەکاتەوە لەو کاتەدا بگێڕەوەی ڕۆمان کۆمەڵێك پەندی کوردی تایبەت بە هەژاری و نەداری تێکەڵ بە گێڕانەوەکەی دەکات هەژاری و نەداری یارە لە ڕێگەی ئەو پەندانەوە جوانتر ڕووندەکاتەوەو خوێنەریش چێژ و خۆشی زیاتر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە وەردەگرێ.

((خەزاڵ... بەبێشەرمی دەزانێ، لە دڵ دا یارەی خۆش دەوێ، شێتی شمشاڵەکەیەتی، دڵ پیسی لێ دەکا. پێی وایە ئەو گوڵانەی بۆ یەکی دی بوو.

یارە، دەترسێ، لە حاجی، لە حاجی ژن، لەخۆی، لە ئاکامی ئەو کارە، پێی وایە گەپی پێ داوە، گاڵتەی پێ کردووە، سەری خستۆتە سەر، فەقیری دەردی گرانە، خۆبەکەم زانین میراتی فەقیری یە، نەویستن بەپێی نەبوون، رازی بوون بەکەم، ریشەی لە نەبوونی پێشوودایە، "کەم خواردن لە کەم دەسەلاتیی یە" دەست کورتی بیر کورتی یە، دەست کورتی یانێ دڵ کورتی " کەوای سوور پلاوی دەخوا" فەقیری دەردە، نەداری ناسۆرە، برینی تەشەنایە، دەردی گەورەیە، نەبوون مەرگە، مەرگ نەبوونە.

"نەداری گولی یە" لە هەموو زەمانان دا، حەول و دەولی بەشەر بۆ گوزەرانی باشترە، گوزەرانی باشتر، یانێ فکری باشتر)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٢٧).

یان کاتێك بگێڕەوەی ڕۆمان لەسەر زاری یارەوە باس لە میرزا دەکات، کە چۆن وەك فریادڕەسێك بەدەردی ئەو ڕادەگات و لە کاتی تەنگانەدا هاوکاری دەکات و دەبێتە ڕێنیشاندەری. ئەمەش لە ڕێکەی پەندێکی کوردییەوە کە دەقئاوێزانی باسەکە کراوە بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(( میرزا ئەگەر قەڵس بێ کەس زاتی نیە بیدوێنێ، ئەگەر بەکەیف دەبێ هەموو منداڵێك دەچێتە قەڵاندۆشی، شتێکی سەیرە! ئەی بە بابەوەت لەبەر مرم، ئەو دەمەی لێت حاڵی نابم بەنۆکەری ئەو قەدو گیپاڵەت بم، بە خولامی ئەو چاوە قاوەییەت بم، بۆیە گوتوویانە:

"کاسب کارت بمرێ، مشوور خۆرت نەمرێ" ئەتۆ نەبی کێم هەیە؟! بەس نیە بە دەردی دەردەدارێکی رادەگەی، خوات لێ ڕازی بێ میرزا...ئەدی، ئەدی، ڕاست وادەکەم، میرزا دەدۆزمەوە، ئەوەی لە دیزە دایە بە ئەسکۆی دەری دێنم، سفرەی دڵم دەکەمەوە، بۆی هەڵ دەڕێژم، چی دیم بۆ ڕاناگیرێ، بەسە هەتاکەی! خەزاڵ شوو بکا بەجارێك ماڵ وێران دەبم)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٥٢).

کاتێکیش کە "سۆڤ" هاوسەرەکەی گیان دەسپێرێ دەوروبەرەکەی هەرکەس دەیەوێت سۆڤ بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت و سۆڤیش لە بیرو هزری خۆیدا وەڵامی هەموو ئەمانە لە ڕێگەی چەند پەندێکی کوردییەوە دەداتەوە.

((سۆڤ تامی زاری هەمانی دەزانی، ئەوەی بەدڵ دەیگوت، دڵ ئێشی نەدەکرد و ئەوەی بەپێی مەسڵەحەت و قازانجی خۆیان هەوڵیان دەدا جوابی توندی دەدانەوە و دەی ڕنین، "بەفیتووی خۆی دەزانی" و باش شارەزا بوو " کوێ نیسکان دینێ" ( فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٧٩).

(( لەسەرە خۆشی پیرەدا هەموو شت ڕوون بۆوە، نەسۆڤ پوولێکی ڕەشی پێما، نەماڵ تلپاتی تەڕ، " ئاش هەر ئەوەندەیە ئاشەوان بی قەپێنێ" " مانگا مردو دۆ بڕا" ئەوەی پێی دەگوترا ماڵ لەگەڵ پیرە ڕۆیی)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٨٠).

(( ناچمە قوونە دەرکان، نانی بە منەت ناخۆم، " کشە، کشە مریشکە ڕەشە میوان ڕۆژێك و دوان خۆشە" " هەتا دووری پووری" خۆم ماوم، خۆم پیاوم، قەیدی چیە کەمێك پتر کار دەکەم، " کەم دەخۆم و کز دادەنیشم" با ئەو قەدرو حورمەتەم لە کیسەی دا ببێ، کوڕە جا چۆن؟ سۆڤ و ماڵی خەڵك، ئەی حەمرت نەمێنێ..." پووڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش" بزنە گەلی لە بازاری دەکەم...) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٨٤).

(( خوایە ئەگەر پیرەت بردەوە زەلیلم مەکە، تا سەرم دەدەی ڕۆزیم بدە خۆت فەرمووتە" لە تۆ هەرەکەت لە من بەرەکەت" (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٨٤).

بەم جۆرە سۆڤ کۆمەڵێك پەند دێنێتەوە کە هەموویان باس لە تەنیایی و چارەسەرو خۆ ژیاندن...هتد دەکەن. یای نازیش وەك کاراکتەرێکی لاوەکی نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە باس لە پەروەردەکردنی کچ و کوڕەکەی (ئەستی و وەتمان) دەکات و شێوازی پەروەردەکردنەکەیان دەقئاوێزانی چەند پەندێکی کوردی دەکات هەروەك لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەو شێوەیە دەردەکەوێت.

((ئەستی زۆری نەماوە...یەك دوو ساڵی دی هەتیوو مەتیو لێی گەڕابان ژنێکی باشی لێ دەردەهات و بۆ هەموو ماڵان دەبێ، " دایکان ببینە و کچان بخوازە" شەرت جوابم بداتەوە بیکەمە ژنێك هەموو کەس قوڕاوی بخواتەوە... ئەوەی لەبەرم گرانە داهاتووی وەتمانە هەر دەڵێ چۆن دەبێ؟ چی پێ بڵێم خۆ براکانیشم هەر خەریکی ئاژەڵدارین و کاری وایان نیە، ئەگینا لەگەڵ خۆیان دەخست وەك دەڵێن: " خاڵان خوارزا مەزن کر"، " مامان برازا بزر کر" بەناشکوری ناڵێم وەتمان مامیشی نیە)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٩٥).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سۆفیش کاتێك جووتێك گا دەکڕێت تا بژێوی ژیانی پێ دەستەبەر بکات ئەم باسە تێکەڵ بەچەند پەندێکی کوردی دەکات کە لە دەوری کشتوکاڵ و بژێوی ژیان دەسووڕێنەوە.

(( ئەو ئاهەنگە لە گوێی سۆفی خۆش دێ، زۆری کار بەو گایانەیە، ئارەزووەکانی لەو جووتە گایە دا خڕبوونەوە. "دنیا لەسەر پشتی گاو ماسی یە"، " لە ئیشکایی دا بژێوی بەکشت و کاڵ بەڕێوەدەچێ و لە دەریادا بە ماسی". قورسایی کشت و کاڵ لە ئەستۆی گایە، گا لە ژیانی سۆفی دا نەخشی تەواوی هەیە، ئەوەی هەیبوو دای بەو جووتە گایە، ئەوانیش دەبێ هەڵسووڕێنێ، پێیان ڕابگا، تێریان کا، قەڵەویان کا، لەبەر خۆیەوە دەڵێ:- "باج لە باجی نانالێنێ" دەبێ وایان لێ بکەم سەرپشتیان لووس لووس بێ، وەك ماسی، تێر نەبن کارم بۆ ناکەن)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ١٠٦).

کاتێکیش کە چەند چەتەیەك دەیانەوێت ڕانە مەڕەکەی شوانە ببەن، شوانە بە ئامانج و مەبەستی ئەوەی لە ڕێگەی شمشاڵەکەیەوە خەڵکی گوندی ئاگادار بکاتەوە داوا لە چەتەکان دەکات تاوێك شمشاڵ بۆ شەکە خەزاڵ بژەنێت، کەچی یەکێك لە چەتەکان بە گاڵتەکردنەوە پەندیکی کوردی بۆ ئەو باسە دێنێتەوە.

((-تەنیا تکایەکم هەیە! دەستم مەبەستن، ئەو شەکە خەزاڵەی لە پەنام کەوتووە، هی خۆمە، خۆشم دەوێ، خووم پێگرتووە، لێم گەڕێن هەتا ئێوە کەمێك شیر دەخۆنەوە، تاوێکی شمشاڵ بۆ لێدەم، لەساوایی یەوە لێم جیا نەبۆتەوە، خووم پێگرتووە.

چەتەیەك قاقا پێکەنی و گوتی:

-" گاڕانیان بە خڕەوە دەبرد لە مانگا بەڵەکیان دەپرسی"

-دەی باشە، هێندە مەڵێ! زوو بە.

شوانە، لەوەی دەگەڕا، ئاخر هومێدی هاوار بە شمشاڵ بوو. لە باخەڵی دەرکێشا و ڕوو بەئاوایی تێی تووڕاند، بەهەموو هێزو توانایەوە، هاوارێ دەکا، شمشاڵی وەزمان هێناوە، هاوارە، هاوارە، بەرە، بەرە، وەرە، وەرن)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٨٩: ١٢٠).

کاتێك حاجی داوا لە سۆفی دەکات تەنیایی هەڵنەبژێرێ و لای ئەو بژی، سۆفی بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی خۆی پەنا دەباتە بەر پەندێکی پێشینان و دەیکاتە وەڵامێك بۆ ئەو ((سۆفی: نا حاجی! نا براکەم! قسەی تۆ قسەی برا گەورەمە، قسەی دڵم، ئەتۆ جنێوم پێ بدەی، لە مەرحەبایی خەڵکی باشترە...بۆیەم جوابی تۆ نەداوە پێم وایە" بەرد هەتا لە جێی خۆیەتی قورسە" ئەمن بۆ خۆم قەدری خۆم نەزانم، ئەتۆ قەدرم ناگری، با ئاواڵی منداڵی منیش بی، با براشم بی...)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ١٨١).

لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا لەسەر زاری برایم چەرچیەوە پەندێکی کوردی تێکەڵ بەگفتوگۆکان دەکرێت کاتێك هەواڵی ئەوە بە میرزا دەدات، کە حکوومەت بەدوایەوەن تا دەستگیری بکەن.

مام "برایمی" چەرچی دەڵێ:-


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(( برا گیان لە خۆڕا نەهاتووم، پاشان قەدرم دەزانی، مام میرزا! پیاو ئەوەیە ڕۆژی تەنگانەی لەگەڵ خەڵکی بێ" خەنجەری چاك لە كالانی دا ناوەستێ" هاتووم پێت بڵێم، بە دووتەوەن، مەعمووری حكوومەت!)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ١٨٨).

لە ڕۆمانی "میرزا"شدا لە چەندین شوێن پەندی پێشینان تێکەڵ بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە کراوە وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

"هەر ئەوساڵ خۆزگەم بە پار" ل- ٤، "دەوڵەمەند ورگنە، تێر ئاگای لە برسی نیە" ل-٢٣، "ڕسقی سوارو بۆ خۆی پیادە" ل- ٢٧، "ئاوی زاڵم سەر بەرەو ژوور دەڕوا" ل- ٣٣، " دنیا زۆردار و بێ عار دەیخوا" ل- ٧١، "چ مێوژێك و چ کەویژێك" ل- ١٥٢، " ئازیەتی هەمووی نیو سەعات خۆ ڕاگرتنە" ل- ٢٠٨، " کشە کشە، پۆپە ڕەشە، میوان ڕۆژێك و دووان خۆشە" ل- ٢٢٨.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو پەندانەی لە هەردوو ڕۆمانەکە دەق ئاوێزانی گێڕانەوەکە کراون و مەودای گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیان دووچاری باری کورت بێژی و کورت کردنەوە کردووە، بەڵام جۆرێك ڕازتندنەوەشی بۆ گێڕانەوەکە هێناوەتە ئاراوە کە خۆی لە فراوانی واتا و چێژ بەخشینی زیاترو جوانتر بوونی گێڕانەوەکەدا دەبینێتەوە.

**باسی پێنجەم: دەق ئاوێزانی گۆرانی**

وەك دەزانین هەموو نەتەوەیەك خاوەن گۆرانی تایبەت بەخۆیەتی و بە مۆسیقای تایبەتی خۆی دەناسرێتەوە و هەر لە ڕێگەی گۆرانیشەوە هەست و پەیامی ناخ و دەروونی خۆی دەگەیەنێت، هەر بۆیە گۆرانی دەبێتە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئاوات ویستی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە. نەتەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەیەك خاوەن گۆرانی تایبەت بەخۆیەتی و ڕەگ و ڕیشەی بە مێژوویی نەتەوەییماندا ڕۆچووە، لەبەر ئەوەیە کە ((گۆرانی کوردی خۆی وێنە و ئاوێنەی هەست و عاتیفەیە، چونکە شێوەی دەربڕینی ئەم هەستەش سادەو بێ پێچ و پەناو ڕاستەوخۆیە، بۆیە لە گۆرانی دڵداری و عەشق و ئەڤینی کوردی یا ڕاست گوێی و وێنەی ڕاستی بەدی ئەکەین)) (عیزەدین مستەفا رسول: ١٩٧٩: ٩٣).

سەرچاوەی گۆرانیش لە بنەڕەتەوە لە شیعری گۆرانییەوەیە ((کە ئەو جۆرە شیعرە سۆزدارییەیە، کە بەهێز و ڕاسگۆییەکی زۆرەوە لە ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ و گوزارشت لە ئێش ە ئازاری ناخ و هزری دەکات)) ( انطونیوس بطرس: ٢٠٠٥: ٣١)

پانتایی ڕۆمانیش مەودایەکی فراوانە بۆ گرتنە خۆی چەندین ڕەگەز و ژانری دیکەی ئەدەبی بۆ ئەوەی لە گەیاندنی پەیام و ئەرکەکانی خۆیدا دەق ئاوێزان بکاتە سیمای ئاوێتە کردنی ئەو ڕەگەزانە ((بونیادی ڕۆمان بەهۆی ئەم ئاوێتەکردنەوە بەهێزتر دەبێت. ڕەگەزی ڕۆمان بە چەمکە فرەدەنگییەکەی، لە کۆمەڵێ ڕەگەزو جۆرو شێوازی لاوەکی، کە تێکەڵ بە ڕەگەزی سەرەکی دەبن پێکهاتووە. بەمەش خوێنەر تەنیا چاوی بە ڕووداوی ڕۆمان، یان بەواتایەکی تر یەك ڕەگەز ناکەوێت، بەڵکو لە زۆر شوێن شیعر دەبینێت و دەیخوێنێتەوە، چیرۆکێکی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فۆلکلۆری دەخوێنێتەوە، پەندێك دەخوێنێتەوە، واتا ڕەنگاوڕەنگییەك هەیە، ئەمەش هەم ئیستاتیکایەك بە دەقەکە دەبەخشێت، هەم ئارەزووی خوێندنەوە لەلای خوێنەر زیاتر دەکات)) (حەمە مەنتك: ٢٠١٣: ٢٦٠). لە ڕۆمانەکانی فەتاح ئەمیریشدا شیعری لیریکی وەك ڕەگەزێکی ئاوێتە لە مەودایەکی فراواندا تێکەڵکێشی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کراوە. بۆ نموونە کاتێك کە "خەزاڵ" دەبێتە جێی سەرنجی خوازبێنی "یارەی شوان" گۆرانی دەکاتە هەوێنی دەردە دڵی خۆی.

(("خەزاڵ" خوازبێنیکەری دێتە سەرێ!

شوانە، ئاگادارە، خەمبارە، خەفەت بارە،... دەستی دەلەرزێ، قامکە ویشك و بێ وازەکانی دەخاتە سەر شمشاڵە تۆزاویەکەی و بە هەناسەیەکی ساردەوە تێی دەتووڕێنێ:

"هەرکەس یارەکەم لێ دەگرێ بەدۆست . حەوت کۆستی کەوێ کۆست لە بانی کۆست"

خەزاڵ بزەیەکی دێتە سەر لێوی و لە دڵ دا دەڵێ:

- گێلە بژیم هی تۆم، بمرم هی گڵێم، دڵ یەکەو دڵەوان یەك...)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ٣٩).

یان کاتێك کە یارە دەزانێ هەندێ کەس خەریکە دەبن بە بەربەست لە گەیشتن بە خەزاڵ بەو گۆرانییە دڵنەوایی خۆی دەکات.

"یارە" ئەو قسەی خەزاڵی کەوتۆتەوە بیر، کە پێی گوتبوو:

" هەر کەسێ دەیکا مەعبەینی دوو دڵان"

" بەهارانی بمرێ کەڵی بەر جووتی"

" پایزان بەرانی گەڵ مەڕی"

" زستانان کوڕە جحێڵەی سەربانی"

" ساڵدەری دوازدەی مانگێ"

" عەزیەت کێش و ڕەنج بەخەساربێ" (فەتاح ئەمیری: ١٣٦٩: ١٥١).

لە نێو گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانی "میرزا"شدا لە چەندین شوێندا گۆرانی فۆلکلۆری تێکەڵ بە ڕووداوەکان کراون لەسەرزاری کاراکتەرە جیاوازەکانەوە دەگوترێن، لە نموونەی ئەو گۆرانیە فۆلکلۆریانەی خوارەوە:

(( یاخوا بەخێر بێی میوانی ئازیز ، بەڕۆژی بەهار بە شەوی پایز)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٧٢: ٢٩).

((فاتمۆکێ کوێستان چەند خۆشە فاتمۆکێ...)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٧٢: ٥٢).

((گەوهەرێ هەی گەوهەرێ...)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٧٢: ٦٦).

(( دەمەکەت بێنە بینێ نێو کانی، با ببێتە قەنداو بۆ ئاوەدانی)) ( فەتاح ئەمیری: ١٣٧٢: ٨٩).

((پیرێژنی ئەو زەمانەی خۆیان خستە بەر بایە، شەرعی من و تۆ دەکەن هی خۆیان وەبیرنایە)) (فەتاح ئەمیری: ١٣٧٢: ٩٣).

(( دارە بەرزەکەی بەرەو هەورامان سەری بە زریزە بنی بە گوڵدان)) ( فەتاح ئەمیری: ١٣٧٢: ١١٤).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەم شێوەیە دەق ئاوێزانی گۆرانی فۆلکلۆری وەك ڕەگەزێکی شیعریی مەودای مەبەستی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی جوانتر کردووە، چونکە هەر یەکێك لە گۆرانیەکان بەتەواوی لەگەڵ بابەتی ڕووداوەکان گونجاون و چێژی گێڕانەوەکەشی زیاتر کردووە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەنجام: لەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:-**

١-فەتاحی ئەمیری لە هەردوو ڕۆمانەکەیدا "هاوارە بەرە و میرزا"دا بایەخێکی زۆری بە ڕەگەزی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و زارەکی داوە لەوانەش "حیکایەت، داستان، بەیت، پەندی پێشینان، گۆرانی" بوونی ئەم ڕەگەزانەش لە هەندێ شوێندا مەودای گێڕانەوەکەیان دووچاری "درێژکردنەوە کردووە، بەڵام لە دەق ئاوێزانکردنی پەندی پێشیناندا بە پێچەوانەوە مەودای گێڕانەوەی ڕۆمانەکان دووچاری کورت بوونەوە هاتووە، بۆیە دەبینین گێڕانەوەی ئەو پارچانەی گێڕانەوەکە کورتن.

٢- ڕۆماننووس لە دەق ئاوێزانکردنی دەقەکاندا توانیویەتی ئەو مەبەست و ئامانجە بپێکێ کە زیندووکردنەوەو بەبیرهێنانەوەی ئەو تێکستە فۆلکلۆریانەیە کە دەق ئاوێزانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی کردووە و کاریگەری ئەو دەقە ئاوێزانکراوانەش لە سەر پەروەردەکردن و هزری کاراکتەرەکاندا زۆر بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە، چونکە وەك دەبینین هەموو کاراکتەرەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستە جیاوازەکانی ڕووداوەکاندا پەنا دەبەنە بەر پشت بەستن بەو تێکستە دەق ئاوێزانکراوانە و وەك بەڵگەی تایبەتی پشتیان پێ دەبەستن بۆ دەرخستنی ئاستی هزری و پەروەردەیی خۆیان.

٣-ڕێژە و قەبارەی دەق ئاوێزان کردنەوەکان زۆرە، کە هەندێ جار بۆتە هۆی سستی گێڕانەوەی ڕۆمانەکان. لەم بارەیەوە زاهیر ڕۆژبەیانی لە باسی ڕۆمانی "هاوارەبەرە"ی فەتاحی ئەمیریدا لەبەر زۆری کاری دەقئاوێزان کردن لە ڕۆمانەکەدا سەنجی ڕەخنەیی خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕێت و دەڵێت: ((سوودوەرگرتن، بەکاربردنی کولتووری نووسراو و سەرزارەکی، خۆماڵی و بیانی، بەتایبەتیش لە دوای بڵاوبوونەوەی چەمکی تێکەڵکێش=نێوان دەقی=تەناسەوە، مافێکی ڕەوای نووسەرە و هەتا لە ئاستی ئامازەدا بێت زۆر باشە و هەتا لە سنووری مۆتیڤدا بکرێت پەسەندە، بەڵام کە لەوە تێپەڕی و گەیشتە ئاستی وەرگرتنی دەقێك و دووان و ...ئیتر ڕەنگی دەقە نوێیەکە دەباتەوە سەری خۆی، لە ئەنجامی تێکەڵکێش کردنی دەقی فۆلکلۆری زۆریشەوە کە ڕۆمانی "هاوارە بەرە" لە هەندێ شوێنیدا سیمای حیکایەتی زۆرتر پێوە دەبینرێ تا ڕۆمانێکی هونەری هاوچەرخی تۆکمە، لە هەموو حالەتێکیشدا ئەرشیفاندن کاری ڕۆمان نییە)) ( زاهیر ڕۆژبەیانی: ٢٠٠٩: ٦٣). فەتاح ئەمیری خۆشی لە پێشەکی ڕۆمانەکەیدا لە لاپەڕە -٧-دا دەڵێت: لەم نووسراوەدا، حەولم داوە ئەو شتانەی لەبیرچوونەوە، بێ دەفتەری و بێ قامووسی خۆڵەمێشی فەرامۆشی بەسەر داکردوون بێنەوە کایە" ئەمەش ڕۆماننووسی ناچار کردووە، کە دەق ئاوێزان بەتەواوی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەرکەوێت.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سەرچاوەکان: -**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

- بەختیار سەجادی، محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی-ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی، ب ۱، بلاّوکراوەی ئاراس، چ ۱، هەولێر، ۲۰۰٤.
- جەلیل کاکەوەیس، ڕۆمانی کوردی و پەرتبوونی ڕووداو و نازیندەیی شاکەس، چ/ بینایی، سلێمانی، ۲۰۰۵.
- جمال حبیب الله، دەروازەی شیعر ناسین، چ/ نارین، هەولێر، ۲۰۱۲.
- حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا، چ/ لەریا، سلێمانی، ۲۰۱۳.
- ڕاجێر وێبستێر، توێژینەوەی تیۆریی ئەدەبی، و/ عەبدولخالق یەعقووبی، چ/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰٦.
- ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسول، داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرەیەکەوەدەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی. ۲۰۰۱.
- ڕۆلان بارت، چێژی دەق، و/ ئیسماعیل زارعی، چ/ منارە، چ۱، هەولێر، ۲۰۰۷.
- سەلاّح حەسەن پالّەوان، داهێنان و مەرگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰۲
-سدیق بۆرەکەیی(سەفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی سێیەم، بلاّوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ۲۰۰۸.
- شەریف فەلاح، ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان، ب ۱- زمان و ئەدەبی زارەکی، چ/ لەریا، سلێمانی، ۲۰۱۲.
- شنۆ محەمەد مەحمود، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، چا/ بینایی، سلێمانی، ۲۰۱۲.
- عادل مەجید گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، بەغدا، ۲۰۰٦.
- عومەر مەعروف بەرزنجی، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، چ/ شڤان، چا ۱، سلێمانی، ۲۰۰٦.
- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۱۰.
- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، زانکۆی سلێمانی، چ/ ۲، ۱۹۷۹.
- عەبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰۲.
- کاروان عومەر کاکەسوور، ڕۆمانی (ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا) لەبەردەم پرسیارو گومانەکاندا، چ، ؟، هەولێر، ۲۰۰۲.
- کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چا/ ژین، چ ۱، سلێمانی، ۲۰۰۳.
- کۆمەڵێك نووسەر، تیۆری ڕۆمان، و/ محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰۳.
- فازیل کەریم ئەحمەد-کۆمەڵێك نووسەری دیکە، خەیاڵ و ڕۆح- چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- فەتاح ئەمیری، هاوارە بەرە"ڕۆمان" ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی"ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی"، چ ١، اورمیە، ١٣٦٩.
- فەتاح ئەمیری، میرزا" ڕۆمان" بەشی دووەمی هاوارە بەرە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی"ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی"، چ ١، اورمیە، ١٣٧٢.
- مەهدی سالح، ڕۆمانی کوردی، چ/ ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە- چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- انطونيوس بطرس، الادب-تعريفه، انواعه، مذاهبه، المؤسسة الحديث للكتاب، طرابلس، ٢٠٠٥.
- حلمي بدير، اثر الادب الشعبي في الادب الحديث، دار الوفاء لطباعة والنشر، ط ١، الاسكندرية، ٢٠٠٣.
- حسام الخطيب، افاق الادب المقارن عربيا و عالميا، دار الفكر للطباعة، ط٢، دمشق، ٢٠٠٣.
- حلمي بدير، الادب المقارن بحوث ودراسات، دار الوفاء لطباعة والنشر، ط١، اسكندرية، ٢٠٠١.
-عبدة الراجحي، محاضرات في الادب المقارن، دار النهضة العربية، ط٢، بيروت، ٢٠٠٧.
- محمد خير البقاعي، افاق التناصية-المفهوم والمنظور، مطابع الهيئة المصرية، ١٩٩٨.

**گۆڤارەکان:**

- ئەحمەد چاك، نێوان دەقی، گ/ ڕامان، ژ/ ١٤٨، ٢٠٠٩.
- تەها ئەحمەد ڕەسووڵ، ڕۆمان..هەڵوێستی مرۆڤایەتی و کێشەی سەردەم، گ/ ڕامان، ژ ٥، ١٩٩٧.
- زاهیر ڕۆژبەیانی، خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموونی ڕۆماننووسێك، گ/ ڕامان، ژ ١٤٩، ٢٠٠٩.
- عەبدولغەنی کاکۆ، ئەدەبی بەراوردکاری لە نێوان بنەما مێژووییەکان و کێشە تیۆرییەکانی ئەمڕۆیدا، گ / ڕامان، ژ ٢٢٦، ٢٠١٦.
- عەلی عوسمان یەعقووب: ڕۆمان: ژانرێك بۆ تەکنیکە جوانەکان، گ/ ڕامان، ژ ٢١٨، ٢٠١٥.
- محەمەد ڕەنجاو، گۆڕستانی لم وەك هەوڵێك بۆ بەدەق کردنی ڕووداو، گ/ نووسەری نوێ، ژ ٣٧، ٢٠٠٧.
- هاشم ئەحمەد زادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، و/ لە ئینگلیزییەوە، عەبدولخالق یەعقووبی، گ/ ڕامان، ژ١٠٧، ٢٠٠٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ملخص البحث

من بين روائيي شرق كردستان يُعدُّ الروائي (فتاح أميري) من روّاد الروائيين الكُرد وأوائلهم بعد الروائي رحيمي قاضي في روايته (بيشمركة)، وبكتابة روايتيه (**هاواربەرە**) و (ميرزا) يكون قد كسر لغز عدم وجود رواية كردية، وأصبح رائد روائيي شرق كردستان.

وفي هاتين الروايتين فضلًا عن إشارته إلى عددٍ من الموضوعات منها: (السياسية، والحب، والحياة الريفية)، فعندما نتعمق في كتاباته نجده يهتمُّ من بداية الرواية إلى نهايتها في الحفاظ على المعجم، وإحياء اللغة، واسترجاع الفلكلور والأدب الشعبي، والروح الوطني؛ ولأجل تحقيق هذه الغاية نجد في رواياته تداخلًا للنصوص (تناص)؛ وذلك بالاستعانة بعدد من النصوص الفلكلورية الكردية أثناء سرده للأحداث في داخل الرواية، منها: (الحكايات، والدوبيت، والملحمة، والأغنية، والمثال الشعبية)، جاعلًا من رواياته وسيلة مناسبة لاستذكار واسترجاع كل هذا النتاج الفلكلوري.

ومن هذا الجانب جاء هذا البحث محاولةً لإبراز اهتمام هذا الروائي بهذه الموضوعات الفلكلورية، واهتمامه بالتناص منها، بعدِّه جنسًا أدبيًا جديدًا، محاولًا إبداء موقفًا من هذه الموضوعات ،وبقدر الإمكان الإشارة إلى أساليب وطرق وآليات التناص، وقراءة وتحليل لهذا التناص في أبعاد السرد في الروايتين.

Abstract

Among the eastern Kurdistan novelists, Fattah Amiri is a pioneer, after Rahimi Qazi ,s novel “Peshmarga” by writing two novels: “ Hawarabara” and “ Mirza”. In the two mentioned novels, in spite of referring to some political, romantic, and suburban lifestyle issues, the novelist is constantly concerned with keeping the culture, enlivening the language, and reminding us of the national folklore. In doing so, he has merged some genres of Kurdistan folklore such as narrative fiction, lyric, epic, and proverbs to the narration of the events in the novel. From this perspective, this paper is an attempt to indicate the author ,s concern to those folkloric topics, and to regard merging as a new literary concept by adopting possible styles and mechanisms to anderstand and analyze merging in the scope of narration of the to novles.